# ڕێنوێنی بۆ کۆچبەران

Kieli: kurdi (sorani)

کاتی گواستنەوە دەبێ چی بکرێت
خزمەتگوزاریە جۆراوجۆرەکان لە کوێ بدۆزرێتەوە؟
خزمەتگوزاریە جۆراوجۆرەکان لە کوێ دەست دەکەوێ؟
لە کوێ ڕاوێژ و ڕێنوێنی وەرگیرێت؟

# ناوەڕۆک


خزمەتگوزاریی ڕاوێژ و ڕێنوێنی کۆچبەران ........ 3

1. کۆنترۆل کردنی مافی نیشتەجێی ........ 4

2. فۆرمی ڕاگەیاندنی تۆمارکردنی بیانی پڕ بکەوە ........ 4

3. داوای تۆمارکران لە سیستەمی بیمەی کۆمەڵایەتی فینلاند بکە و گەر پێویست بێ لە کێلا (KELA) داواییارمەتی ئابووری بکە 5

4. دوای وەرگرتنی کۆدی ناسنامەی فینلاندی، ژمارە حیسابی بانکی بکەوە .. 6

5. خانوو گرتن ........ 7

6. ناونیشانی خۆت بە پۆست ڕابگەیەنە ........ 8

7. گرێبەستی کارەبا ئەنجام بدە یان گۆڕانی ناونیشانی خۆت ڕابگەیەنە ........ 8

8. ژمارەتەلەفۆن و ئینترنێتی فینلاندی بەدەست بێنە ........ 9

ناونیشانە گرینگەکان ........ 10

نووسینگەی کاروبازرگانی ئووسیما (UUSIMAA) ........ 10

نووسینگەی باج لە یەرڤێنپە (JÄRVENPÄÄ) ........ 11

هێناون و بردنی گشتی ........ 12

پەروەردەی داایینگەیی ........ 13

پۆلی ئامادەیی ........ 13

خوێندنی سەرەتایی ........ 14

پێراگەیشتن بە قوتابی ........ 14

نووسینگەی یارمەتیی یاسایی ئووسیلاندی ناوەندی (KESKI UUSIMAA) ........ 15

نووسینگەی یارمەتیی یاسایی ئووسیلاندی ناوەندی (KESKI UUSIMAA) سەربە بازنەی یارمەتیی یاسایی و چاوەدێری بەرژەوەندیەکانی باشووری فینلاندە. ........ 15

پۆلیس ........ 16

دەرمانگا ........ 17

کتێبخانە ........ 18

کاتی ئازاد ........ 19

خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان ........ 20

خزمەتگوزاریەکانی تەندوروستی ........ 21

ڕاوێژگەی دایکێتی و مناڵان ........ 22

........ 22

خزمەتگوزاریی تەندوروستی دەم و ددان ........ 23

## خزمەتگوزاریی ڕاوێژ و ڕێنوێنی کۆچبەران

لە خزمەتگوزاریی ڕاوێژ و ڕێنوێنی بۆ نموونە زانیاریەکانی خوارەوە بەدەست دێنی:

ژیان لە فینلاند و شوێنی نیشتەجێ بوونی نوێ، مافی نیشتەجێی، کارکردن و داوای کارکردن.

بنکەی خزمەتگوزاری و ڕاوێژ بە زمانەکانی فینلاندی، ئینگلیزی و سویدی خزمەتگوزاری پێشکەش دەکات و گەر پێویست بێ وەرگێر داوا دەکرێت. ڕاوێژکاری خزمەتگوزاریی یارمەتی دەدات بۆ تێگەیشتن لە بڕیارە فەرمیەکان و گەر پێویست بێ ڕێنوێنی بکات بۆ خزمەتگوزارییەکانی دیکە.

لە بنکەی خزمەتگوزاری بڵاوکراوە و نامیلکەی جۆراوجۆری زانیاریی لە مەڕ مژارە جۆراوجۆرەکان هەیە.

**پێوەندی بکە**

- ژمارە تەلەفۆن: ______________________________________________
- ئیمایل: ______________________________________________
- کاتژمێری کارکردن: ______________________________________________
- ناونیشان: ______________________________________________

فەیسبووک:

## 1. کۆنترۆل کردنی مافی نیشتەجێی

لە ماڵپەری دەزگای بەڕێوەبردنی کاروباری کۆچبەران Migri (www.migri.fi/oleskelulupa) زانیاری لەمەڕ جۆرەکانی مافی نیشتەجێی و ئیقامە دەدۆزرێتەوە هەروەها خزمەتگوزاریی ڕۆبۆتیکی دەمەتەقە (Chatbot) دەتوانی شەوانەرۆژ خزمەتگوزاری وەرگری .
گەر مافی ئیقامە و نیشتەجێیت نەبێ، خزمەتگوزاریی ئەلەکترۆنیی داوای مۆڵەتی نیشتەجێی دەزگای بەڕێوەبردنی کاروباری کۆچبەران ڕێنوێنیت دەکات لە مەڕ دۆزینەوەی جۆری مۆڵەتی گونجاو بۆ تۆ(www.migri.fi/haluan-hakea) :
نزیکترین بنکەی خزمەتگوزاری کۆچبەران (Migri) لە هێلسینکیە.

## 2. فۆرمی ڕاگەیاندنی تۆمارکردنی بیانی پڕ بکەوە

شوێنی نیشتەجێی خۆت لە دەزگای دیجیتاڵی بەڕێوەبردنی دانیشتووان (Digi- ja väestötietovirasto) تۆمار بکە. گەر شارۆڤەندی بیانیی و بۆ هەمیشەیی دێیە فینلاند دەبێ لە سیستەمی دانیشتووانی فینلاند تۆمار بکرێی. دوای تۆمارکردن کۆدی ناسنامەیی وەردەگری. بۆ نزیک بە هەموو کارەکانی فەرمی پێویستت بە کۆدی ناسنامەیی هەیە لە فینلاند.

- ناونیشانی دەزگای دیجیتاڵی بەڕێوەبردنی دانیشتووان (Digi- ja väestötietovirasto):

Lintulahdenkuja 2, 2 krs, 00530 Helsinki

کاتی کرانەوە: دووشەممە تا هەینی لە کاتژمێر 9.00 تا 16:15

ژمارە تەلەفۆن: 029 55 39391

ماڵپەر:

www.dvv.fi

خزمەتگوزاری لە ڕێگەی ئەلەکترۆنی و سەردانی بنکە.

- ☐ مۆڵەتی نیشتەجێی خۆ
- ☐ مۆڵەتی نیشتەجێی ئەندامی بنەماڵە
- ☐ لە دەزگای تۆماری دانیشتوان تۆمار کراوە
- ☐ کۆدی ناسنامە

________________________________

________________________________

________________________________

## 3. داوای تۆمارکران لە سیستەمی بیمەی کۆمەڵایەتی فینلاند بکە و گەر پێویست بێ لە کێلا (KELA) داواییارمەتی ئابووری بکە

### کارتی کێلا (KELA)

لە نووسینگەی کێلا فۆرمی داواکاری (فۆرمی Y77، داوای تۆمارکران لە سیستەمی بیمەی کۆمەڵایەتی و تەندوروستی بەهۆی نیشتەجێی لە فینلاند)، پڕ بکەوە. هەر کەسێک کە سەربە سیستەمی بیمەی کۆمەڵایەتیە کارتی کێلای تایبەت بە خۆی هەیە. Kela کارتەکەت بۆ ماڵ دەنێرێت.

### ئەو بەرژەوەندیانەی کە لە کێلا دەکرێ داوا بکرێت

دەتوانی بۆ دۆخە جۆراوجۆرەکان لە کێلا داوای یارمەتی بکەی. لە بنکەی خزمەتگوزاریی کێلا و هەروەها لە بنکەی خزمەتگوزاریەکانی ڕێنوێنی و راوێژ دا ڕێنوێنی چۆنیەتی پڕکردنەوەی فۆرمی داواکاریەکان دەکرێت. ئەو بەرژەوەندی و یارمەتیانەی کە دەکرێ لە کێلا داوا بکرێن بریتین لە بۆ نموونە: یارمەتی بژێوی، یارمەتی کرێخانوو، پارەی منداڵ، یارمەتی بەخێوکردن لە ماڵ، قەرەبووی بێکاری، خانەنشینی، یارمەتی بەخێوکردنی کەسوکار.

فۆرمی داواکاریەکە دەکرێ لە ماڵپەری کێلاوە چاپ بکرێت:

www.kela.fi

کێلا:

ناونیشان:________________________________________

____________________________________________

کاتی کرانەوە: ___________________________________

| |
|---|
| ☐ کارتی کێلا<br>☐ کارتی خزمەتگوزاری تەندروستیی ئورووپایی<br>☐ ئەو یارمەتیانەی دەبێ داوابکرێن:<br><br>____________________________________<br><br>____________________________________<br><br>____________________________________<br><br>____________________________________<br><br>____________________________________ |

### 4. دوای وەرگرتنی کۆدی ناسنامەی فینلاندی، ژمارە حیسابی بانکی بکەوە

دەتوانی لەو بانکەی کە هەڵیدەبژێری ژمارە حیسابی بانکی بکەیەوە. کارتی بانکی بۆ ژمارە حیسابی بانکی دەردرێت. ژمارە حیسابی بانکی دەکرێ بەشێوەی ئەلکترۆنی لە ڕێگەی پێناسەی ئەلەکترۆنیەوە بەکار ببردرێت. لە ڕێگەی بانکی ئەلەکترۆنیەوە دەکرێ بۆ نموونە فیشەکان بدرێت. لە بانک داوای پێناسەکان بکە. بۆ بەدەستهێنانی پێناسەی بانکی ئەلەکترۆنی پێویستت بە کارتی ناسنامە هەیە.

بانکی من:

______________________________

______________________________

- ☐ کارتی بانکی
- ☐ کۆدەکانی بانکی ئەلەکترۆنی

## 5. خانوو گرتن

دەكرێ لە زۆر شوێنەوە خانوو بەكرێ بگیرێت. لە فینلاند گرێبەستی كرێی خانوو بە نووسین ئەنجام دەدرێت. بەرلە هەمووشت دەبێ پێشكرێ (دیپۆزیت) بدرێت. پێشكرێ دەكرێ لە كێلا داوا بكرێت. ئەمە لەبەرچاو بگرە كە لەوانەیە دۆزینەوەی خانوو كات بەرێت.

خانووی بۆ كرێ لە خوارەوە دەدۆزرێتەوە:

______________________________________________________________________

______________________________________________________________________

______________________________________________________________________

لە رێگەی ئینترنێتەوەماڵپەری زۆر، كە خانووی بۆ كرێ تێدا هەن دەدۆزرێتەوە:

www.etuovi.com     www.oikotie.fi  www.tori.fi

بنیاتی لاوان بۆ گەنجانی 18 – 29 ساڵ كە دەخوێنن و دوای كار دەگەرێن خانووی بۆ كرێ هەیە:

www.nuorisosaatio.fi

ناونیشانی خۆ:

____________________________________

____________________________________

____________________________________

خاوەن ماڵ:

____________________________________

____________________________________

ژمارە تەلەفۆن: ________________________

## 6. ناونیشانی خۆت بە پۆست ڕابگەیەنە

ڕاگەیاندنی ئاڵوگۆڕی ناونیشان دەتوانی لە ڕێگەی پۆستەوە یا خود لە ڕێگەی فۆرمەکانی دەزگای دیجیتاڵ و دانیشتوان ئەنجام بدەی.

گەر کۆدی بانکی ئەلەکترۆنیت هەبێ، دەتوانی لە ڕێگای ماڵپەری خوارەوە ناونیشانی خۆت بگۆڕی:

www.posti.fi

**ناونیشانی پۆست:**

____________________________________

____________________________________

____________________________________

## 7. گرێبەستی کارەبا ئەنجام بدە یان گۆڕانی ناونیشانی خۆت ڕابگەیەنە

دەتوانی بۆخۆت کۆمپانیایەک کە کارەبا دەفرۆشێ هەڵبژێری. چاکتر وایە زوو گرێبەستی کارەبا ئەنجام بدرێت، نزیک دوو هەفتە بەلە گواستنەوە بۆ ماڵی نوێ. گرێبەستی کارەبا بە تەلەفۆن یان لە ڕێگەی ئینترنێتەوە ئەنجام دەدرێت.

کۆمپانیای کارەبای هەڵبژێردراوی من: ________________________________________________

ناونیشان____________________________________________

______________________________________________________



☐ گۆڕانی ناونیشان بۆ کۆمپانیای کارەبا
☐ گرێبەستی کارەبا

## 8. ژمارەتەلەفۆن و ئینترنێتی فینلاندی بەدەست بێنە

ئابۆنەی لە پێشدا دراو (پری پەید)ی تەلەفۆن و ئینترنێتی ئۆپێراتۆرەکانی دەتوانی لە R-kioski، لە دووکانی خزمەتگوزاریەکانی تەلەفۆن و ئینترنێتی وەک Elisa, Telia, DNA، لە بەنزینخانەکان و دووکانەکانی دیکە بەدەست بێنی. گرێبەستی ئابوونەی تەلەفۆن و ئینترنێت دەتوانی لە رێگەی کۆمپانیا خزمەتگوزاریەکان ئەنجام بدەی و مانگانەیان بدەی.

ژمارە تەلەفۆنی خۆت:
(کۆدی وڵاتی فینلاند 358+ ) ____________________________

ژمارە گرینگەکانی دیکە:

____________________________________

____________________________________

____________________________________

____________________________________

ژمارەی گشتی فریاکەوتن: 112

## ناونیشانە گرینگەکان

### نووسینگەی کاروبازرگانی ئووسیما (UUSIMAA)

TE-palvelut
tjänster | services

www.te-palvelut.fi/te/fi

کارناسانی نووسینگەی کاروبازرگانی یارمەتی دەدەن لە هەڵبژاردنی پیشە، دۆزینەوەی کار و زانیاریی لەمەڕ دەرفەتەکانی خوێندن دەدەن. گەر بۆ دیدارەکە پێویستت بە وەرگێر هەبێت، لەبیر مەکەی لەکاتی گرتنی کاتی دیدار ئاماژە بە پێویستیی خۆت بکەی.

گەر بێکاری، دەبێ خۆت وەک داواکاری کار تۆمار بکەی، بۆ ئەوەی یارمەتیی بێکاری وەرگری. دەتوانی لە ڕێگای ماڵپەری کاروبازرگانی لە خوارەوە خۆت وەک داواکاری کار ناونووس بکەی:

www.te-palvelut.fi/te/fi

لەوێ لە ڕێگەی لینکی داواکاری کار (Työnhakija) و دواتر لە ڕێگەی Ilmoittaudu työnhakijaksi خۆت ناونووس بکەی یان سەردانی نووسینگە بکەی.

کارناسی نووسینگەی کاروبازرگانیی من:

________________________________

________________________________

ژمارە تەلەفۆن:

______________________________

ئیمایل:

________________________________

________________________________

## نووسینگەی باج لە یەرڤێنپە (JÄRVENPÄÄ)

www.vero.fi

ناونیشانی پۆستی:

PL 4, 04401 Järvenpää

ناونیشانی نووسینگە:

Yhteiskouluntie 13, Järvenpää

ژمارەتەلەفۆنی سەرانسەریی نووسینگەی باج:

029 512 000

ڕۆژانی دووشەممە تا هەینی لە کاتژمێر 9-16:15

لە فینلاند هەمیشە لە داهاتیی کاری و هەندێک لە بەرژەوەندیەکانی کێلا باج وەردەگیرێت. هەروەها کۆمپانیا و دەسمایەکانیش باج دەدەن. بۆ مەبەستی باجگیری هەرکەسێک کارتی باجی خۆی هەیە کە لەودا ڕادەی باجێک کە دەبێ بدرێت دیاری دەکرێت. گەر پێویستت بە کارتی باج (verokortti) بێ دەتوانی بەسەردان لە نووسینگەی باج، یان تەلەفۆن کردن و لەرێگەی خزمەتگوزاریەکانی ئەلەکترۆنی ماڵپەری Omavero کارتی باجی وەرگری.

☐ کارتی باج بە خاوەنکار دراوە

______________________________

______________________________

## هێناون و بردنی گشتی

بەکارهێنانی هاوتووچووی گشتی هەرزان و شێوازێکی ئێکۆلۆژیکە بۆ هاتووچوو. بلیتی هاتووچوو دەتوانی لە وێزگەی گشتی پاسەکان و شەمەنەفەرەکان (VR)، دەزگای ئۆتۆماتیکی بلیت فرۆشی، ئەپلیکاسیۆنی مۆبایل و فرۆشگای ئینترنێتیەوە بەدەست بێنی. نرخی بلیتەکان و کارتی مانگانەی هاتووچۆ جیاوازە. منالان، خوێندکاران، سەربازەکان، ئەوانەی بەجیاتی خزمەتی سەربازی خزمەتی گشتی دەکەن و هەروەها خانەنشینان بەگشتی دابەزین بۆ بلیتی هاتووچوویان وەردەگرن. گەر هاتووچووی زۆر دەکەی، بلیتی مانگانە بۆ تۆ بژاردەیەکی هەرزانترە.

هاتووچووی بە پاس: لە وێزگەی پاس بۆ ڕاگرتنی پاسەکە دەستت بەرز بکەوە و لە کاتێک دەتهەوێ لە وێزگەی دوایی دابەزی دووگمەی دابەزین لێ بدە. دەتوانی لە شۆفێر بلیتی هاتووچوو بکری.

کۆمپانیای شەریکەبەشی هاتوو چوو (Matkahuolto Oy Ab)

www.matkahuolto.fi

ژمارەتەلەفۆنی 24 کاتژمێریی ڕاوێژی کاتەکانی هاتووچوو

0200 4000 (24h/7vrk)

هاتووچوو بە شەمەنەفەر: دەبێ بەرلەوەی سواری شەمەنەفەر بی بلیتەکە بکری. شەمەنەفەر بە پێی وێزگەکانی هێلی خۆی ڕادەگرێ.

کۆمپانیای هاتووچووی بە شەمەنەفەر (VR Oy)

www.vr.fi

ژمارە تەلەفۆنی ڕاوێژکاری موشتەری:

0600 41 900

ڕۆژانی دووشەممە تا هەینی کاتژمێر 5:00 تا 22:00 و ڕۆژانی شەممە و یەکشەممە 7:00 تا 22:00

## پەروەردەی داینگەیی

بۆ منالّی ژێر تەمەنی خوێندن، دەتوانرێ داوای شوێنی پەروەردەی داینگەیی بکرێت. شوێنی داینگە دەبێ لانی کەم چوار مانگ بەرلە پێویستی دەسپێکی خزمەتگوزاریی داینگەیی داوا بکرێت. گەر بەهۆی کار و خوێندنی باوان (دایک و باوک) کاتی دەسپێکی داینگەی منالّ نازانرێ، چاکترە ناونووسی هەرچی زووتر بکرێت و لانی درەنگ دوو هەفتە بەرلە دەسپێکی پێویستی بەخێوکاری لە داینگەدا.
کاتی داینگە لە گەڵ باوان رێک دەخرێت. ناونووسی بۆ داینگە دەکرێ بەشێوەی ئەلەکترۆنی بێ یا خود فۆرمەکەی لە ئینترنێت چاپ بکرێت و ببرێتە ناونیشانی:

________________________________________

________________________________________

هەروەها لەو ناونیشانەی خوارەوە فۆرمی ناونووسین دەست دەکەوێت

________________________________________

________________________________________

دەتوانی هەروەها پێوەندی بە ڕاوێژی خزمەتگوزاریی داینگەیی بکەی:

ژمارە تەلەفۆن: ____________________________________

## پۆلی ئامادەیی

پۆلی ئامادەیی بەرلە سالّی دەسپێکی تەمەنی ئەرکی خوێندنی دەست پێ دەکات. لە رێگەی پۆستەوە یا خود سیستەمی ویلماوە (Wilma) زانیاری و رێنوێنی وەردەگری لە پێوەندی لە گەڵ ناونووسی منالّ بۆ پۆلی ئامادەیی.

| |
|---|
| داینگەی منالّ:<br>____________________________<br>ژمارە تەلەفۆن: _________________________<br>پۆلی ئامادەیی منالّ:<br>____________________________<br>ژمارە تەلەفۆن: _________________________ |

## خوێندنی سەرەتایی

لە فینلاند منداڵ تەمەنی ئەرکیی خوێندن (خوێندنی ناچاری) هەیە. تەمەنی ناچاریی خوێندن لەو ساڵەوە کە منداڵ پێدەنێتە حەوت ساڵ دەست پێ دەکات. گەر منداڵ جاریَ فینلاندی نازانێت، ئەو بۆ پۆلی ئامادەیی خوێندن دادەنرێت. خوێندنی ئامادەیی یەک ساڵ دەخایەنێت.

دەتوانی پێوەندی بکەی بە کارناسانی پەروەردە:

ژمارە تەلەفۆن: ____________________________________________

ماڵپەری ئینترنێت:

____________________________________________

## پێراگەیشتن بە قوتابی

پێراگەیشتن بە قوتابی بەهاوکاری باوان جێبەجێ دەکرێت. لە کۆبوونەوەکاندا لە مەڕ پەروەردە، گەشەکردن، خۆشبژێوی و تەندروستی منال یان گەنج گفتگۆ دەکرێت. لە پێراگەیشتن بە قوتابی ئامانج ئەوە کە قوتابی ژینگەیەکی هێمنی هەبێت و ڕێنوێنی پێویست و پێراگەیشتنی پێویست پێی بدرێت.

لەکاتی نەخۆش کەوتن سەردانی بنکەی تەندروستی خۆم دەکەم.

قوتابخانەی منداڵ/گەنج:

____________________________

مامۆستا:

____________________________

پێوەندیەکانی دیکە:

____________________________



## نووسینگەی یارمەتیی یاسایی ئووسیلاندی ناوەندی (KESKI UUSIMAA)

مەبەست لە یارمەتی یاسایی ئەوە کە شارۆمەند دەتوانێت یارمەتی یاسایی وەرگرێت بۆ جێبەجێ کردنی کاروباری یاسایی و دادگایی، بەشێوەیەک کە بەشێکی یان هەمووی لە لایەن دەوڵەتەوە قەرەبوو دەکرێتەوە.

## نووسینگەی یارمەتیی یاسایی ئووسیلاندی ناوەندی (KESKI UUSIMAA) سەربە بازنەی یارمەتیی یاسایی و چاوەدێری بەرژەوەندیەکانی باشووری فینلاندە.

نووسینگەی یەرڤێنپە (Järvenpää)

ناونیشانی سەردان:

Sibeliuksenkatu 15B, Järvenpää Nordean talo

ناونیشانی پۆستی:

Sibeliuksenkatu 15B, 04400 Järvenpää

ژمارە تەلەفۆن بۆ گرتنی کات

029 56 60230

فاکس:

029 56 60188

ئیمایل:

keski-uusimaa.oikapu@oikeus.fi

نووسینگەی هووڤینکە (Hyvinkää)

ناونیشانی سەردان:

Urakankatu 1 B, 3krs, Hyvinkää

ناونیشانی پۆستی:

PL 87, 05801 Hyvinkää

ژمارە تەلەفۆن بۆ وەرگرتنی کات

029 56 60230

فاکس:

029 56 60238

ئیمایل:

keski-uusimaa.oikapu@oikeus.fi

https://oikeus.fi/oikeusapu/keski-uudenmaanoikeusaputoimisto/fi/index.html

**پۆلیس**

POLIISI
ITÄ-UUSIMAA

مالپەر: ____________________________________

**بنکەی پۆلیسی نوورمییەرڤی (Nurmijärvi)**

Keskustie 2 A, PL 11, 01901 Nurmijärvi

**بنکەی پۆلیسی یەرڤێنپە (Järvenpää)**

Mannilantie 26-28, PL 6, 04401 Järvenpää

**بنکەی پۆلیسی هووڤینکە** (Hyvinkää)

Urakankatu 1, PL 62, 05801 Hyvinkää

ژمارە تەلەفۆنەکان:

ژمارە تەلەفۆن (ناوەند):

0295 430 291

ژمارە تەلەفۆن:

0295 434 900

راوێژکاری خزمەتگوزاریی مۆڵەت دووشەممە تا هەینی کاتژمێر 9 بۆ 11

ژمارە تەلەفۆن:

0295 435 100

- سکاڵای تاوان
- تاوانەکانی دیکە
- بابەتەکانی هاتووچوو و ترافیک
- بابەتەکانی دیکەی پۆلیسی

**ژمارەی گشتی فریاکەوتن: 112**

## دەرمانگا

لە دەرمانگا دەکرێ دەرمانەکانی بەخۆگەیشتن و هەروەها ئەو دەرمانانەی بە ڕیچێتەی پزیشك نووسراون بەدەست بهێنرێت. کاتی داوای دەرمانی ڕێچێتەی پزیشک دەکرێ دەبێ کارتی کێلا نیشان بدرێت.

**نزیکترین دەرمانخانە:**

______________________________________________

______________________________________________

______________________________________________

______________________________________________

______________________________________________



## کتێبخانە

پەرتووک و کتێب، ڕۆژنامە و گۆڤار، فیلمی سینەمایی، CD دەکرێ لە کتێبخانە بە ئەمانەت وەرگیرێن. دەتوانی بە پێشاندانی کارتی پێناسە لە کتێبخانە کارتی کتێبخانە وەرگری.

بە گشتی ماوەی بەقەرزبردنی بەرهەم 4 هەفتەیە. لەبیر نەکەی بۆ ئەو بەرهەمانەی کە لە کاتی خۆی نایگەڕێنیتەوە دەبێ حەقدەستی وەدرەنگ کەوتن بدەی. ڕۆژنامەکان دەکرێ بێ بەرامبەر لە سالۆنی خوێندنەوەی کتێبخانەدا بخوێنیەوە. لە کتێبخانە دەکرێ لە کۆمپیوتێر کەڵک وەرگیرێت و سکان و چاپ بکرێت.

**کتێبخانەی سەرەکی:**

ناونیشان: ______________________________

ژمارە تەلەفۆن: ______________________________



**نزیکترین کتێبخانە:**

______________________________

______________________________

ئوتومبێلی کتێبخانە: ______________________________

## کاتی ئازاد

زانیار لە مەڕ خزمەتگوزاریەکانی ناوچەیی، گەشتوگوزار، بۆنە کولتووریەکان، شوێنەکانی سەیران کردن، شوێنی کڕین و فرۆشتن و هەروەها بۆنەکان لە ڕێگەی خوارەوە بەدەست دێت:

ناونیشانی ئینترنێتی: ________________________________

لە فێرگە بۆ نموونە دەکرێ چالاکی ئەنجام بدرێت لە بواری وەرزش، چێشت لێنان، کاری دروومان، کاری دەستی، مۆزیک و هەروەها زمان بخوێندرێت.

ناونیشانی ئینترنێتی:

________________________________

بژاردە وەرزشیەکان: ________________________________

________________________________

________________________________


لە مەلەوانگە دەکرێ چالاکیەکانی وەک وەرزشی ناو ئاو، وەرزشی گرووپی و هەروەها وەرزش لە سالۆنی وەرزشیدا ئەنجام بدرێت.

ناونیشانی ئینترنێتی:

________________________________









Keski-SOTE Uudenmaan

هەرێمی خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتی و تەندروستیەکانی ئووسیمای ناوەندی (Keusote) بەرپرسیارە لە مەڕ سیستەمی خزمەتگوزاریەکانی کۆمەڵایەتی و تەندروستی بۆ شارەوانیە ئەندامەکان و وەدیهێنانیان.

## خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان

خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی بریتین لە پشتیوانی، یارمەتی و ڕێنوێنی. گەر هەست بکرێ کە بەتەنیا بارتەقای گرفتەکان نایەت، یا خود هێزی خۆت بەتەنیایی بەش ناکات یان پێویستت بە یارمەتییەکی دیاری کراو هەیە، بۆ نوومە یارمەتی بژێوی، نیشتەجێی چاکترە داوای یارمەتی بکرێت. لە بنکەی خزمەتگوزاریی کۆچبەرانی شارەوانی دەتوانی هەروەها ڕێنوێنی و ڕاوێژی گشتی بەدەست بێنی.

زانیاری لە مەڕ خزمەتگوزاریەکانی کۆمەڵایەتی:

www.keski-uudenmaansote.fi/asiakasryhmien_palvelut/

ناونیشان بۆ پێوەندی:

______________________________________________

______________________________________________

______________________________________________

## خزمەتگوزاریەکانی تەندروستی

**ژمارەی گشتیی فریاکەوتن: 112**

**1. خزمەتمەتگوزاری پێ پەلەی تەندروستی**

لە بنکەتەندروستیەکان بە پێی گەڕەکی نیشتەجێی خزمەتگوزاریەکانی تەندروستی، پزشکی و پێراگەیشتنی پەرەستار بۆ کەسانی نەخۆش هەیە. ڕۆژانی ئاسایی هەفتە لە کاتژمێر 8 بۆ 10 دەکرێ کات بگیرێت.

www.keski-uudenmaansote.fi/asiakasryhmien_palvelut/terveys-ja-sairaanhoito/laakari--ja-hoitajavastaanotot/ajanvaraus/

گەر کاتی بنکەی تەندروستی بگری و نەچیە سەر کاتی دیاری کراو. دەبێ قەرەبووی نەچوونت بدەیەوە. لەبیرت نەچێ گەر ناتوانی بڕۆیتە کاتی دیاری کراو، کاتەکەت هەڵوەشێنەوە!

2. گەر لەنەکاو تووشی نەخۆشی بوویت، پێوەندی بکە بە ڕاوێژکاری تەندروستیی بنکەی تەندروستی بە ژمارە تەلەفۆنی: (09) 2500 3295

گەر بۆ کێشکی بنکەی تەندروستی بێی، ژمارەی نۆرە وەرگرە. زۆرجار سەرەتا پەرەستاری کێشک نەخۆش دەبینێ و گەر پێویست بێ، دکتۆریش نەخۆش دەبینێ.

www.keski-uudenmaansote.fi/asiakasryhmien_palvelut/terveys-ja-sairaanhoito/kiireellinen-hoito/

3. گەر بە توندی ئێوارە یان کۆتایی هەفتە نەخۆش کەوتی، لە شاری هووڤینکە بنکەی کێشکی تەندروستی هەیە لە ناونیشانی: Sairaalankatu 1, Hyvinkää.

**بەرلەوەی بچیە بنکەی کێشکی تەندروستی تەلەفۆن بکە بە ژمارەی:**

**116 117**

## ڕاوێژگەی دایکێتی و منداڵان

هەموو بنەماڵەکان دەتوانن بێنە **ڕاوێژگەی دایکێتی.** گەر ئەزمونی دووگیانیت پۆزیتیف (ئەرێنی) بوو، پێوەندی بکە بە ڕاوێژگە. لە ڕاوێژگەی دایکیتی دا تەندورستی دایکی دووگیان کۆنترۆل دەکرێت.

لە **ڕاوێژگەی منداڵاندا** پشتیوانی دەکرێت لە گەشەی منداڵ بە پێی پێویستی تاکەکەسیی ئەو و هەروەها بەشداری باوان لە گەشەی منداڵان. تا تەمەنی قوتابخانە منداڵان سەردانی ڕاوێژگە دەکەن.

www.keski-uudenmaansote.fi/asiakasryhmien_palvelut/lapset-nuoret-ja-perheet/perhekeskuspalvelut/neuvola/

**خزمەتگوزاریەکانی تەلەفۆنی** ____________________________________________________________

**کاتی کرانەوە:** ____________________________________________________________

**ڕاوێژگەی دایکێتی و منداڵانی نزیک بە خۆت:**

ناونیشان: ____________________________________________________________



## خزمەتگوزاریی تەندوروستی دەم و ددان

خزمەتگوزاریی تەندوروستیی دەم و ددان لە بنکەی تەندوروستی ئەنجام دەدرێت.
هەمووجارێ پێشتر تەلەفۆن بکە بۆ خزمەتگوزاریی ددان پزشکی و کات بگرە.

www.keski-uudenmaansote.fi/asiakasryhmien_palvelut/terveys-ja-sairaanhoito/hammashoito/ajanvaraus-ja-neuvonta/

**بنکەی ددانپزیشکی نزیک بە خۆت:**

ناونیشان: ____________________________________________________________

ژمارە تەلەفۆن (ژمارەی گشتی وەرگرتنی کات):

019-2260700

گەر ناچیە سەر کاتی دیاری کراو، کاتەکە هەڵوەشێنەوە. پارەی کاتی هەڵنەوەشێنراو دەبێ دەسێندرێتەوە.

**کاتە بەپەلەکان**

ژمارە تەلەفۆنی ددانپزیشک بۆ کاتە بەپەلەکان ڕۆژانی دووشەممە بۆ هەینی لە کاتژمێر 14.00 بۆ 21.00 و ڕۆژانی شەممە و یەکشەممە لە کاتژمێر 8.00 بۆ 21.00:

09- 4717 1110

